کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-6-2007 21:28بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان جەنابی (مام جەلال- کاک نوشیروان- کاک کۆسرەت) ... غازی قادر اغا

هەروەك ئاشكرا يەلای بەرێزتان كە (ی. ن. ك) خزمەتيكی گە ورەی بە بزا ڤی رزگا ری خوا زيگەلە كەما ن كردووەو هەتا ئەو ساتەش ئومێدی دوارۆژيكی پرشنگدا رە بۆ نەوەكانی ئێستاودا هاتوو ی لەوپيناوەشی دا بۆتە جێگای ريزو متمانە ی كۆمەلانەی خەلكی كوردستان وردكی بەرپێی داگيركەران و كۆنەپەرستان.
هەرلەكاتی دروست بوونيەوە تاكو ئەورۆژگارە هەلويێست و فيداكاری و گۆران و داهێنانەكانی و نەخشەو پلانی بۆ ستراتيژی و ئامانجە كانی لە هەمووقۆناغەكانی خەباتی دا بەلگەن لەسەر را ستگۆيی و دلسۆزی رێبازە سياسيەكەی كە هەميشە لەلايەن كۆمەلانی خەبات گێری كوردستانەو پشتيوا نی لێكراوە تاوای لێهاتوە بۆتە بەشێكی زيندوو كاريگەر لەبزوتنەوەی جەماوەر و جولەی فيكری ناو هەناوی كۆمەلی كوردستان، هەرئەمەش بوو وای كرد كەدەيان سەركردەی بەئەزموون و سەدان كاد يری وشيارو بەهەزاران تێكۆشەرپێبگە يەنێ ولە ژێر ئالاكەی دا كۆيان بكاتەوە وگەشە بەئامانج وريبازەكەی بد ات ولەئەنجامی خوێدنەوەی بابەتی و زانستيانەی بۆ تەواوی دياردەو رووداوەكانی ناوەخۆو ئيقليم و جيهان و ئەزموونيسەركەوتووی لە خەبات و راپەرين و ئيدارە و هەلبژاردنەكانداپۆل پۆل خەلكی دلسۆزی تر لە چەپ و سۆسياليست و ديموكرات بێنێتە ژێر ئالاكەی. ئيمرۆكە بە حەق (ی. ن. ك) بۆتە هێزێكی گەورەی كوردايەتی پيشكەوتوو خواز لەسەر
ئاستی كوردستانداو سەركردايەتيەكەی خاوەن ئەزمونيكی دەولەمەندە لە كاری سياسی وريكخراوەی و ئيداری و ديبلۆماسی دا، بۆيە هەر ئەزمەيەك يان وەستانيك لەژيانی حزبی و خاوبونەوەی چالاكيەكانی، زيانيكی گەورە بە بزوتنەوەی كوردايەتی دەگەيەنی وئەزمونی دەسەلاتدا ريەتی دەهەژێنی كە ئيمرۆكە يەكێتی كۆلەگەيەكی بەهێزی ئيدارەی ئەو هەرێمەيە، جگە لەوەش كۆشش و رەنجی هەزاران تێكۆشەرو دەريايەك خوێن وفرمێسكی بنەما لەی شەهيدەكان بەربا دەدات و ئێوە دەخاتە بەردەم مەسئوليەتێكی گەورە لە بەئەنجام نەگەياند نی تەواوی هيواو ئامانجەكان.
بەرێزان/لە هەموو قۆناغ و پێچە مێژووييەكاندا جەماوەری گەلەكەمان پشتيوا نتان بووەو چەند ين جار گلان و كەوتن و هەلسانەوە دووبارە سەركەوتن و دەسكەوتی گەورە ئەمانە هەرهەمووی بەلگەی دلسۆزی ئێوەيە بۆ كۆمەلانی خەلكی كوردستان تاوای لێهاتوە (ی. ن. ك) بێتە بزوتنەوەيەكی جەماوەری گەورە كە لەريزەكانيدا دەيان و سەدان ديبلۆماس و تەكنوقرا ت و سياسی و ئەديب بەرهەم بێنێ بۆ شەری رزگاری چارەنووسی ئامادەيان بكات، ديارە لەمەولاش ئەرك و قۆناغ سەختترو گرانتر دەبێت و پێويستمان زياتر بەوە دەبێت كە ناو مالُ و يەكيەتی ناو يەكيەتی نيشتيمانی كوردستان تۆكمە و بەهيز بكەينەوە.

بەريزان: ديارە بەر لە هەلبژا رد نەكان و دوای ئەوەش هەست بەوە دەكرێت كەكاری رێكخراوەی و چالاكی ئۆرگانەكانی حيزبی بەرەو خرا پی دەروات و كەمتەرخەمی و هەست نەكردن بەمەسئوليەت و غيابی رێكخستن و نە بوونی چاو د ێری و بەدوا داچونی حيزبی ئەو دياردانەن كەپەكی سيستەمی حيزبيان خستوە جگە لەوەش ناعەدالەتی لە دابەش كردنی كاری حيزبی و ئيداری و مشەخۆری و نەبونی پاداشت و سزاوبێ هێزی ناوەندی دەسەلات و فرەكابانی فەزايەكی بۆخەلكی هەلپەرست و سوودمەند دروست كردوە كەكاريگەريی دەبينرێت لەسەر ئامانج و بيروباوەری ئەو حيزبەو بەشێكی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرچاو لەئۆرگانەکانی بۆتەدیوەخانو دائیرەو شوێنی چەنە بازی و باس و خوا سی مامەلەو کرین و فرۆشتن و قازانج و مه للەزاته کانی تری ژیان.
بەرێزان / من وەك كاد یرێكی دلسۆز بەئەرکی خۆمی دەزانم ئاگادارتان بکەمەوە کە مەسئولیەتێکی گەورەی مێژوویی و کەوتۆتە ئەستۆتان بۆ ئێستاو دوارۆژی ئەو حیزبە بەتایبەتی چونکە هەرسێکتان نەخشی گەورەو بەرچاوتان هەیە لەسەر ئاراستەی ئەو حیزبەو هەمووشمان بەسەرکردەو رابەرتان دەزانین، ئێوەش دەتوانن تەحەوولا تی گەورە لەژیانی ناوەخۆی ئەو حیزبە دا بکەن بە ئا قاری گەشەپێدان و بە هێزکردنەوەی، لەوکاتەدا کە هەل و مەرج و بارودۆخ گونجاوەو هەموو کەرستەو پێداویستیەکانی جێ بەجێ کردن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئالو گۆرەتان لەبەردەستە بەرەو سەرکەوتن، هەر بۆیە زۆربەی زۆری ئۆرگانەکانی [ ی.ن.ك ] پێی وایە ئەگەر ئێوە بریاری ها وبەشتان هەبێت هیچ تاقمە و گروپ و بلۆکێك زات ناکات سەرپێچی بکات لە فەرمانەکانتان بەمەرجێك ئێوەش خۆتان لەودادوەری یە دا داد پەروەربن.
بەرێزان / هەموو کاد یرو ئەندامە دلسۆزەکانی [ ی.ن.ك ] وهێزی پێشمەرگەی کوردستانچاوەرێی ئەوە دەکەن کۆتایی بەو تەنگەژەیەی ناوەخۆ بێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە کە بێ گومان بەرا ی زۆربەی زۆری چاودێرانیش هیچ پاشخانێکی فیکری نیی یەجگە لەبەرژەوەندی تایبەت و سوود وەرگرتن لە پلەو پایەی حیز بی و خراپ بەکارهێنانیدەسەلاتەکان.
دووبارە داوا لە بەرێزتان دەکەین بۆ یەکخستنی ئیرادەی سیاسی هاوبەشتان لەپێناوی بریاری سەرکەوتوو ڕێنمایی دروست لەگەل چاودێری و بەدوا دا چونی بەردەوامتان بۆ را پەرا ندن و جێ بە جێ کرد نی هەموو ئەرکەکانی ئەو قۆناغەی حیزبەکەمان..

غازی قادر اغا
کادیرو پێشمەرگەی دێرین.
2007/ 6 / 3

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.